Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10316

# چەند تایبەتمەندییەک لە شێوازی شیعری نالیدا

**مریوان حمەکریم احمد،[1] هەژار فەقێ سلێمان حسێن[2]**

١- بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستانی عێراق

٢- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی گەرمیان، وەزارەتی پەروەردە، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

شێوازی ورد و چڕ و تایبەتی شیعری (نالی ١٨٠٠ – ١٨٧٩ ز)، توێژەران ناچار دەکات، لە چەندین لایەنی جیاوازەوە لە دەقەکانی بدوێن، هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکەیە، چونکە ئەگەرچی دەزانین لێرە و لەوێ هەندێک کار لەسەر شێوازی شیعری نالی (بە هاوبەشی لەگەڵ شاعیرانی تردا کراوە)، بەڵام هێشتا مەودای فراوان لە شیعری نالیدا هەیە، کە لە ڕوانگەی شێوازەوە ڕووناکی نەخراوەتە سەر. ئامانج لەم توێژینەوەیە دەرخستن و ئاشکراکردنی هەندێک لایەنی گشتی و تایبەتییە لە شێوازی شیعری نالیدا و سنووری توێژینەوەکەش پیشاندانی شێوازە لە دەقە کوردییەکانی ئەم شاعیرەدا.

ئەم توێژینەوەیە بە پشتبەستن بە میتۆدی (وەسفیی شیکاری) لە بارەی (چەند تایبەتمەندییەک لە شێوازی شیعری نالیدا) دەدوێت، کە خۆی لە پێشەکییەک و دوو بەشی سەرەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەدا دەبینێتەوە. بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ زاراوە و چەمک و کورتەیەکی مێژووی شێوازگەری. لە بەشی دووەمیشدا لەبارەی شێوازی شیعری نالی لە ئاستەکانی دەنگ و ئاواز (ئاوازی دەرەوە و ناوەوە)، دواتریش لە ئاستی زمان و وێنەدا، لە زمانی شیعری و وێنەی هونەریی لە شیعری شاعیردا دەدوێت. لە کۆتاییشدا ئەوە دەرئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە لەگەڵ لیستی سەرچاوەکاندا دەبینرێن.

***Article Info***

Received: June, 2023

Revised: June, 2023

Accepted: July, 2023

***Keywords***

شیعر، شیعری کلاسیک، شێواز، زمان، نالی.

***Corresponding Author***

Mariwan.hama@garmian.edu.krd

Hazhar.faqe@garmian.edu.krd

## پێشەکی:

شێواز، مەیدانی توێژینەوەیە بۆ زانستی شێوازگەری، لە ڕوانگەی زمانەوە لە دەقی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە. شێوازگەری وەکو زانستێک نوێیە و بایەخی تەواو بە بوارە زمانەوانییەکانی ناو دەقی ئەدەبی دەدات، کە ئەمەش لە دوای تێڕوانینە نوێیەکانی زانای زمانەوانی سویسری (دی سۆسێر) و خوێندکارەکەی (شارل بالی)ی فەرەنسییەوە هاتە ئاراوە. شێوازناسان ڕەگ و ڕیشەی ئەم زانستە بۆ ڕەوانبێژی کۆن دەگەڕێننەوە و پێیان وایە لە هەناوی ڕەوانبێژییەوە لەدایکبووە، هەر بۆیە تاکو ئێستاش ڕەوانبێژی بایەخی خۆی لەناو ئەم زانستەدا پاراستووە. شێوازگەری وەکو زانستێک دەکرێت لە شێوازی تاکەکەسی، یان قۆناغێکی دیاریکراو، یان شێوازی تایبەتی نەتەوەیەک بکۆڵێتەوە. لە ڕوانگەی تایبەتمەندییە زمانییەکانی ئەو دەقانەی توێژینەوەیان لەسەر دەکات، ئامانجەکانی خۆی بەدیبهێنێت.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات، لە شێوازی شیعری ڕابەرێکی دیاری شیعری کلاسیکی کوردیی (قوتابخانەی بابان)، کە ئەویش (نالی ١٨٠٠ – ١٨٧٩ ز)ە، بدوێت. ئەمەش لەبەرئەوەی نالی خاوەنی زمانێکی وەهایە، کە شێوازێکی تایبەتی بە دەقە شیعرییەکانی بەخشیوە و شاعیرانی هاوسەردەمی خۆیی و دوای خۆشی خستووەتە ژێر کاریگەری شێوازەکەی خۆیەوە، چونکە ئەوە نالی بوو، کە زمانی دەقی شیعریی لە زاری گۆرانەوە گواستەوە بۆ سەر زاری کرمانجی ناوەڕاست و شاعیرانی هاوسەردەم و دوای خۆشی بە هەمان ڕێچکەدا برد. ئەمەش بە تەنها لە ڕوخساردا ڕەنگی نەدایەوە، بەڵکو لە قووڵایی هزری نالیدا، شانازیکردن بەو شێوازە و شێوازی زمانییەوە دەبینرێت.

تـوێژینەوەکە لە پێشـەکی و دوو بەش و ئەنجـام و لیسـتی سەرچاوەکان پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا، کە بە ناوی زاراوە و چەمک و مێژووی شێوازەوەیە، لە ڕوانگەی تیۆرییەوە تیشک دەخاتە سەر زاراوە و چەمکی شێواز و کورتەیەکی گرنگیش لە مێژووی سەرهەڵدانی شێواز دەخاتە ڕوو. لە بەشی دووەمیشدا، کە لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکەیە و بە ناوی شێواز لە شیعری نالیـدایە، لە دوو تەوەری سـەرەکی پێکهـاتووە. لە تەوەری یەکەمـدا لەبـارەی شـێوازی شـیعری نـالی لە ئاسـتی دەنـگ و ئـاوازدا، کە لە ئـاوازی دەرەوە (کـێش، سـەروا) و لە ئـاوازی ناوەوەش دووبارەکردنەوەی (تاکە دەنگ، وشە، دەستەواژە و ڕستە) خۆی دەبینێتەوە، پێکهاتووە. لە تەوەری دووەمیشدا لە هەردوو ئاسـتی زمـان و وێـنەی هونەریـدا، شـیعرەکانی شـاعیر دەخاتە بەرباس.

## بەشی یەکەم: زاراوە و چەمک و مێژووی شێواز

### تەوەری یەکەم: زاراوەی شێواز

وشەی شێواز لە زمانی لاتینیدا پێی دەوترێت (Stilus) واتە (هەڵکـۆڵەر). لە بـواری نووسینیشـدا بەو مانـایە دێـت کە ڕێگـایەکە بـۆ نووسـین و نووسـەر لە پێنـاو مەبەسـتە ئەدەبییەکانیـدا بەکـاری دەهێنێـت(ئەحمەد، ٢٠٠٩: ١٣). هەروەها لە کۆندا لای ئەوروپاییەکان (بەو ئامرازە نووکتیژە مەعـدەنییە دەوتـرا، کە لە نووسـین لەسـەر تـابلۆ مۆمییەکـان نووسـینی پێ دەکـرا، بەڵام لە پاشـان واتا مێژووییەکانی گـۆڕانی بەسـەردا هـات، لە گوزارشـتکردن لەسـەر چـۆنیەتی جێبەجێکردن لە سەدەی چواردەی زایینی بۆ چۆنیەتی ناسین یـان هەڵسـوکەوتکردن لە سـەدەی پانزەی زایـنی، بـۆ چـۆنێتی گوزارشـتکردن لە سـەدەی شـانزەی زایـنی، تـا لە سـەدەی حەڤدەیەم واتاکەی لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی بابەتێکی دیاریکراو لە چوارچێوەی هونەرە جوانەکان کورت بوویەوە. لە دوای هەموو ئەوانە واتای زاراوەی شێواز، لە بواری نووسیندا، لەسـەر چـۆنیەتی نووسـین لە لایێـک و لە لایەکی تـرەوە چۆنیەتی نووسینی تایبەتی نووسەرێکی دیاریکراو یان ڕەگەزێکی دیاریکراو، یان سەردەمێکی دیاریکراو کورت مایەوە)(عەبدوڵلا، ٢٠١٠: ١٤).

وشەی شێواز، بەواتای ئووچ دێت، کە نامەی پێ نووسراوە، یان شـێوەی نـامەیە، سـتایڵ پەیوەنـدییەکی پـتەوی سیسـتێمی وێـنەیە، ئـامێری هـونەری دەربـڕینە، کە تایبەتمەنـدیی کەسـی داهێنـانی نووسـەرێك، تەنیـا بەرهەمێـك، ڕێبازێـك، قوتابخانەیەکی ئەدەبی، ژانرێک، یان ئەدەبی نەتەوە و قۆناغێک نیشـان دەدا، تایبەتمەنـدییەکی شـێوازی دەربـڕینە لە پەخشـان یان شیعردا چۆن نووسەرێک شتەکان دەڵێت، شیکردنەوە و خەملانـدنی سـتایڵ تـاقیکردنەوەی نووسـەرە لە چـۆنیەتی هەڵبژاردنی وشەدا، شێوەی زمانەکەیەتی، لادانێتی، ڕەوانبێژی و لایەنەکانی تر، شێوازی ڕستەکانی، شێوەی پەرەگرافەکانی، واتا هەمـوو ڕواڵەتەکـانی دەربـڕینی زمـانەکەی و چـۆنیەتی بەگەڕخستن و بەکارهێنانیانە، لە ڕووی سینتاکس، وێنە، ڕیتم یـان بەکارهێنـانی ڕەگەزەکانی ناسکبێژییەوە(هاڵبێرگ، ٢٠١٠: ١٧٩).

وشەی شێواز لە (زمانی عەرەبیدا "الاسلوب"ی بۆ بەکار دەهێنێرێـت، کە مانـای "المـنهج، الطریـق" دێـت، لە زمـانی فارسیشـدا وشـەی "سـبک"ی بـۆ بەکـار دەبرێـت)(مەلازادە، ٢٠١٩: ١٦) لە فەرهەنـگە کوردییەکانیشـدا، لە هەمـان ئەو مانایانە دەدا یاخوود نزیک دەبنەوە، لەوانە: لە هەنبانەبۆرینەدا شـێواز بە واتـای ((شـکڵ و تەرح، ڕاهـاتن، هیـئەت و قیافە))(موکریـانی، ١٣٨٤: ٥٠٢) هـاتووە، هەروەهـا لە فەرهەنـگی خاڵیشـدا نـووسراوە ((شـێواز: شـێوەی تـایبەتی نووسین، یان قسەکردن))(خاڵ، ٢٠١٧: ٣٧٩)، لە فەرهەنگی کوردسـتانی گیـوی موکریانیشـدا بە واتـای ((شـێواز، تـوورە، دەستوور، شێوە))(گیوی موکریانی، ٢٠١٧: ٩٤٥) هاتووە. لە فەرهەنـگی مەردۆخیشـدا وشـەی شـێوە هـاتووە و نـووسراوە ((شـێوە: ڕێـگە، یاسـا، بـاو، خـۆ، شـێواز، خـوو، داب، نەریت))(کوردستانی، ١٣٤٩: ١٦٢).

### تەوەری دووەم: چەمک و پێناسەی شێواز

دیـاریکردنی پێناسـەیەکی دیـاریکراو و تـایبەت، کە شـێواز لە هەمـوو بوارەکانـدا بنوێنێـت کارێکی ئاسـان نیـیە، چـونکە ئەم وشـەیە لە زۆربەی بوارەکـانی وەکـو ئەدەبیـات و مۆسـیقا و پەیکەرتـاشی و گـۆڕانی و هـونەر و زانسـت و بـواری سـیاسی و ئـابووری و چەنـدین بـواری دیـکەدا بەکـار دەهێنرێـت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گرنگترین ئەو بوارەی، کە وشەی شێواز تێیدا بـوو بە زاراوەیەکی تـازە، ئەدەب و ژانرەکـانی ئەدەب بـوو، بەتایبەتیش لە شیعردا، چونکە (شیعر هێزی سۆزە، دەدرێتە پاڵ شێواز)(الشایب، ١٩٩٤: ١٩٦).

شێوازگەری زانستی شێوازە، واتا زانستی لێکۆڵینەوەی دەق و وەسـفی ئەو ڕێـگەیەیە، کە دەربـڕینی تیـا خـراوەتە ڕوو، دیـارە ئەوەش یەکێکە لە بوارەکانی ڕەخنەی ئەدەب، کە جیا لە هەر لایەنیکی کاریگەری کۆمەڵایەتی، یان سیاسی، یان ئایدۆلۆجی، یان هەر لایەنێکی پەیوەست بە دەق، بنیاتی زمانی دەقی ئەدەبی لەبەرچاو دەگرێت و لەو دەکۆڵێتەوە، ئەمە چونکە شێوازگەری نوێترینی ئەو زانستانەیە، کە لە سەردەمی نوێدا لە زانستەکانی زمان پەیدا بووە(عەبدوڵلا، ٢٠١٠: ١٤). (شارل بالی ١٨٦٥ – ١٩٤٧ ز) کە خـۆی دامەزرێنەری شـێوازگەرییە، چـونکە کتێبی (باسـێک لە شـێوازگەری فەرەنسی)ـی ئەو، بـۆ یەکەمجـار لە سـاڵی (١٩٠٩) ز چـاپکراوە و بە سـەرەتای داهێنـانی زانسـتی شـێوازگەری لەقەڵەم دەدرێـت)(Балли، 2001: 5). ئەو

شێواز دەناسێنیت، (وەک بەشێک لە زانستی زمان، وەک بڵێی لە نێوان دوو جەمسەردا هەڵکەوتووە: لە نێوان ڕێزمان، کە شیکاری لۆژیکی زمان دەکات و ئەو بوارەی دەربڕینی ئەدەبی و هونەری، کە سەر بە جوانیناسی و ڕەخنەی ئەدەبییە)( Балли، 1955: 10)، یان پێی وایە (ئەو زانستەیە لە ڕەگەزەکانی زمان دەکۆڵێتەوە، کە تا چەند ناوەڕۆکەکەی دەربڕ و کاریگەرە)(حسێن، ٢٠٠٩: ٧٣)، بێگومان کاریگەرییەکەشی بە ئەندازەی پەیوەستبوونی بە جوانیناسییەوەیە، چونکە (شێواز، ئاوێنەی جوانیناسییە، کە توانای زمانەوانی مرۆڤ لە بەرامبەر جیهاندا پیشان دەدات(Захарчук، 2006: 2).

(مۆنرۆ) وا پێناسەی شێواز دەکات کە (بریتییە لە کۆمەڵە خەسڵەت و تایبەتییەک، کە لە بەرهەمە جیاوازەکانی ئەدیبێک یان ئەدەبی ناوچەیەک یان سەردەمێکی دیاریکراودا دووبارە دەبێتەوە)(کاکی، ٢٠١٢: ٢٧). واتە ئەو کۆمەڵە تایبەتمەندییانەی، کە لە بەرهەمی نووسەرێکی دیاریکراودا یان نووسەرەکانی قۆناغێکدا هەیە، ڕێڕەوێکی دیاریکراو وەردەگرن و شاعیرانی تر لاسایی ئەو شێوازە دەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجار بە تاکەکەسێکەوە پەیوەست کراوە و وتراوە (شێواز دیاردەیەکی تاکەکەسییە لە هەموو لایەنەکانییەوە)(ابراهیم، ٢٠١٢: ٩٧)، یاخود (بریتییە لەو توانایەی، کە پەیوەستە بە تاکی کۆمەڵەوە و ئارەزوومەندانە ڕستەی نوێ لە بۆنە جیاوازەکاندا بەرهەم دێنێت)(محمد، ٢٠٠٨: ١٧٤). بەو شێوەیە دەتوانین بڵێین: زانستی شێواز لەگەڵ تاکدا پەیوەندییەکی پتەو لە نێوانیاندا هەیە و تەواوکەری یەکترن.

لە ناو نووسەرانی کوردیشدا، پێناسە بۆ زانستی شێواز کراوە، بۆ وێنە (شێخ نوری شێخ ساڵەح) یەکەم نووسەری کوردە، کە لەم بارەیەوە قسەی کردبێت و دەڵێت: ((ئوسلوب، بەو تەرزی مەخسوسی بەیانە دەڵێن، کە هەر خەتیبێک یان هەر موجەرڕێک ئەوەی لە دەماغیایەتی ئیفادەی دەکات، هەموو خەتیبێک مالیکی تەرزێکی مەخسوسی بەیانە))(کاکی، ٢٠٠٨: ٢٠)، ئەمیش دیسان لە ناساندنەکەیدا بۆ شێواز، تایبەتی کردووە بەو توانا و لێهاتوویییەی، کە لە لای تاک بەدی دەکرێت.

## تەوەری سێیەم: کورتەیەکی مێژووی شێواز

ئەگەر چی شێواز وەکو زانستێکی سەربەخۆ تازەیە لە بواری ئەدەبدا، بەڵام وەکو زاراوەیەک کە لە کایەی ئەدەبیدا بەکارهێنراوە، لە لای گریکەکان و بەتایبەتی لە لای ئەرەستۆ کاتیک دەڵێت هونەر لاساییکردنەوەیە و هەر یەکێک لەو هونەرانەش شێوازێکی تایبەتیان هەیە بۆ لاساییکردنەوە و دەڵێت: ((شێوازی لاساییکردنەوەی هەر جۆرە بابەتیک جیاوازە لە یەکتری، بۆ نموونە دەشێت هەمان وەسیلە بۆ لاساییکردنەوەی هەمان بابەت بەکاربێنیت، بەڵام بەشێوەی جیاجیا و بۆی هەیە هەندێکی بە گێڕانەوە بیکات و هەندێکی لەسەر زمانی کەسانی تر بێت، وەکو هۆمیرۆس وای دەکرد))(ئەرەستۆ، ٢٠٠٤: ١٩)، بەڵام بێگومان ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە شێوازناسی هەر لە سەردەمی ئەرەستۆوە بوونی هەبوبێت، چونکە (شێوازناسی و مێژووی سەرهەڵدانەکەی، جیاوازییەکی زۆر هەیە لەگەڵ بوونی شێواز و سەرهەڵدانی دەقی ئەدەبی، چونکە شێوازناسی بە زانستی لێکۆڵینەوە لە شێوازی دەق دادەنرێت، کە وەکو زانستێک خۆی سەلماندووە، ئەوەش مانای ئەوەیە، کە شێوازناسی کۆمەڵێک قوتابخانە و چەمک و خاسییەت و بنەمای جیاوازی هەیە و میکانیزمی کارکردنی تایبەت بە خۆی، بۆ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی دەقێک پێشکەش دەکات. سەربەخۆبوون و پێگەشتنی زانستێکیش بەم ئەرکەوە پێویستی بە زەمەنێکی مێژوویی درێژ هەیە، بۆیە شێوازناسی وەک زانستێکی سەربخۆ زۆر کەوتووەتە دوای داهێنانی ئەدەبییەوە)(مەلازادە، ٢٠١٩: ٢٧).

لە کۆندا لای ئەوروپاییەکان (چەمکی شێواز زیاتر پەیوەندی بە بابەتی ڕەوانبێژییەوە هەبووە تا هونەری شیعر)(ئەحمەد، ٢٠٠٩: ١٥)، هەر بۆیە (بەشێک لەو باوەڕەدان، کە شێوازناسی لە مناڵدانی ڕەوانبێژییەوە سەری هەڵداوە، کە ئەمەش بۆ ڕەوانبێژییەکەی ئەرەستۆ دەگەڕێتەوە، کە باسی لێوە کردووە)(مەلازادە، ٢٠١٩: ٢٧).

لە کۆندا ڕۆمانییەکان بە شێوەیەکی گشتی، سێ جۆر شێوازیان دیاری کردووە، کە ئەوانیش ١- شێوازی بەرز، ٢- شێوازی مامناوەند، ٣- شێوازی نزم. ئەم سێ جۆرە شێوازەش بەرامبەر بە سێ بەرهەمەکەی (فرجیل) دانراون، کە بە پێی بارودۆخی کۆمەڵایەتیی سەردەمەکانی (شوانکارەیی، کشتوکاڵی، داستانی) دانراون، کە شوانکارەیی بەرامبەر بە شێوازی نزم، کشتوکاڵی بەرامبەر بە شێوازی مامناوەند و داستانیش بەرامبەرە بە شێوازی بەرز(ئەحمەد، ٢٠٠٩: ١٥).

بێگومان ڕۆژئاوا هەر لە سەرەتاوە لانکەی لەدایکبوونی ئەم زانستە بووە، بەڵام (هەر لە سەرەتاوە شێوازگەریان بەلای زمان و لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا شکاندەوە، چونکە زۆربەی ئەوانەی لەو مەیدانەدا لێکۆڵینەوەیان پێشکەش کردووە، زمانەوان بوون، بۆ نموونە دوای مردنی (سۆسێر) یەکێک لە قوتابییەکانی بە ناوی ( شارل بالی)، کە ناوێکی دیارە لە شێوازگەریدا، گرنگی بە ئەرکی دەربڕینی زمان دا)(خەلیل، ٢٠١٧: ٢٢٢).

یەکێک لەو نووسەرە یەکەمانەی شێوازیان بەکارهێنا، (نۆڤالیس) بوو، (نۆڤالیس) یەکەم کەسە زاراوەی (شێوازگەری) بەکارهێناوە، لە ڕوانگەی ئەوەوە زاراوەکە تێکەڵە لەگەڵ ڕەوانبێژیدا(بیرجیرۆ، ١٩٧٢: ٩)، هەرچەندە زۆر لە

ڕەخنەگرانی ڕۆژئاوا بەکەمی دان بەو بەکارهێنانە پێشینەیەی شێوازدا دەنێن، کە بۆ سەردەمی باڵادەستی ڕەوانبێژی دەگەڕێتەوە، چونکە پێیان وایە لەدایکبوونی ڕاستەقینەی شێوازگەری بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە. واتا لە کۆتاییدا (سەرهەڵدانی شێوازگەری لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا بەسەر لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا هات، بەتایبەتی لە شۆڕشە زمانەوانییەکەی فردیناند دی سوسێر ((١٨٥٧_١٩١٣)) کە لە دوایدا لەسەر دەستی (شارل بالی) قوتابیی ئەودا، بووە مایەی لەدایکبوونی زانستی شێواز و شێوازگەری(ئەسوەد، ٢٠١٥: ٣١٣).

## بەشی دووەم: شێوازی شیعری نالی

### تەوەری یەکەم: شێوازی شیعری نالی لە ئاستی دەنگ و ئاوازدا

دەنگ، بەشێکی گرنگە لە ژیانی مرۆڤ و بەهۆی هەستی بیستنەوە درکی پێ دەکرێت، کە (وزەیەکی تیشکائامێزی میکانیکییە بە هۆی فشاری شەپۆلی ئاسۆییەوە لە ناوەندی هەوادا دەگوێزرێتەوە و هۆی بابەتی بیستنە)(گەردی، ٢٠١٤: ٩)، هەروەها ئاواز لە شیعردا (هەستکردنی خوێنەر یان گوێگرە بەو ئاوازانەی، کە دەنگەکانی وشەکان و جۆری هەست و سۆزی دەروون و مانای وشەکان لە ئەنجامی ترپەی بڕگەکان و پێکهاتنی پێیەکاندا بە کێشی هەڵبەستی دەدەن)(بیمار، ١٩٩٢: ١١).

ئاواز دەبێت بە دوو جۆرەوە، ئەوانیش: (ئاوازی دەرەوە، ئاوازی ناوەوە)ن.

### یەکەم- ئاوازی دەرەوە

ئاوازی دەرەوە بەوە دەناسرێت، کە (هاوسەنگ و ڕێککەوتنێکی دەنگییە لە نێوان بزواو و نەبزواو و پیت و بڕگە و یەکەکانی ڕیتمدا، بە پێی پێوانەی کۆن و نوێ، دەتوانین بە کێش و سەروا دەستنیشانی بکەین)(ئەحمەد، ٢٠١٠: ٦٥)، واتا ئاوازی دەرەوەی هۆنراوە، (کێش، سەروا) دروستی دەکەن.

**١ – کێش:** کێش لە کۆمەڵێک ترپە پێک دێت، کە دێڕە هەڵبەستێک پەیدای دەکات، یان بریتییە لە سەرجەمی ئەو پێیانەی دێڕە هەڵبەستێک دروستی دەکەن، کە لە عەروزی عەرەبیدا تەفعیلەی پێ دەڵێن(بیمار، ١٩٩٢: ٩، ١٠). لەبەرئەوەی (نالی) تەنها کێشی عەرووزی عەرەبی بەکارهێناوە، بۆیە تەنها ئاماژە بەو جۆرە کێشە دەکەین و ئاوڕ لە کێشی-پەنجەی خۆماڵی (هیجا، سیلابی) نادەینەوە.

عەرووز، زانستێکی تایبەتییە، کێشی- ڕاست و دروستی شیعری لە کێشی لەنگ و چەوتی شیعر، لە هەموو زمانێکدا پێ جیا دەکرێتەوە، هەروەها شیعر جیا دەکاتەوە لە پەخشان(حەمەخان، ٢٠٠٤: ٧٣).

لێرەدا هەوڵ دەدەین چەند دێڕێکی شیعری نالی وەربگرین و کێشەکانیان دیاری بکەین، نالی دەڵێت:

**دەورانییە وەک هێڵەکی سەودا سەری گێژم**
**بۆیە بە دەقیقی مەثەلە هەرچی دەبێژم**

(مدرس، ١٩٧٦: ٢٧٦)

دەو را نی / یە وەک هێ ڵە / کی سەو دا سە / ری گێ ژم
بۆ یە بە / دە قی قی مە / سە لە هەر چی/ دە بێ ژم
_ _ ب / ب _ _ ب / ب _ _ ب / ب _ _
فاعیل / مفاعیل / مفاعیل / مفاعی
(خەرەب) (کەف) (کەف) (حەزف)

کێشی- ئەم دێڕە (**هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزوف**)ە، کە لە ناو خانەی شیعرە بە هەزەج نووسراوەکانی شاعیردا، (کە نزیکەی نیوەی شیعرەکانی دەکات)، زۆرترین شیعری بەم قاڵبە کێشەی هەزەج، هۆنراوەتەوە، کە شێوازێکی مۆسیقی درێژ و دڵگیر دەبەخشێتە شیعر. بەم پێیە ئەم جۆرە دەبێت بە دیارترین شێوازی شیعری نالی لە ڕووی کێشی-شیعرەکانییەوە.

لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

**گوڵبنی قەدت لە قوببەی سینە غونچەی کردووە**
**غونچە بەو شیرینییە قەط نەشەکەر نەیکردووە**

(مدرس، ١٩٧٦: ٥٤٤)

گوڵ ب نی قە / دت لە قوب بەی/ سی نە غون چەی/ کر دو وە
غون چ بەو شی/ ری نی یە قەط / نەی شە کەر نەی / کر دو وە
_ ب _ _ / _ ب _ _ / _ ب _ _ / _ ب _
فاعلاتن / فاعلاتن / فاعلاتن / فاعلا
(حەزف)

کێشی- ئەم دێڕە (**ڕەمەڵی هەشتی مەحزوف**)ە، کە لە ناو خانەی شیعرە بە ڕەمەڵ نووسراوەکانی شاعیردا، (کە لە ڕووی ڕێژەوە لە دوای هەزەج) دێت، زۆرترین شیعری بەم قاڵبە کێشەی ڕەمەڵ هۆنراوەتەوە. بەم پێیە ئەم جۆرەش دەبێت بە یەکێک لە دیارترین شێوازەکانی شیعری نالی. لە ڕووی کێشی-شیعرەکانییەوە لە کۆی (١٢٢) دەق شیعر (١٠٨)یان، تەنها بە هەردوو جۆری دەریای (هەزەج، ڕەمەڵ) هۆنراونەتەوە.

ئاماری شیعرەکانی نالی لە ڕووی کێشی عەرووزەوە: (لە کۆی ١٢٢ دەق ، (٦٨) دەق بە هەزەجە و (٤٠) دەق بە ڕەمەڵە و (١٠) دەق بە موزاریعە و (١) دەق بە ڕەجەزە و (١) دەق بە موجتەس و (١) دەق بە بەسیت و (١) دەق تەویلە)(گەردی، ٢٠٠٣: ٧٦٣).

**٢- سەروا :** سەروا، بنەمایەکی گرنگی مۆسیقای شیعرە بەتایبەتی لە شیعری کلاسیکدا، عەلادین سەجادی دەڵێت: ((سەروا، بریتییە لەو پیتانە- بەدەنگ بێ یا بێدەنگ، کە

ئاوازەکانیان وەکو یەکە و کەوتوونەتە دوای هەر دوو نیوە هۆنراوەکەوە، ئەمە لە کاتێکا وایە سەراپای دەستە هۆنراوەکە دووتاکی بێ))(سەجادی، ٢٠١٨: ١١٥)، د.عەزیز گەردیش دەڵێت: ((سەروا بەشێکە لە دوا وشەی دێڕ بەو مەرجەی وشەکە وەکو خۆی بە هەمان مانا لە کۆتایی دێڕەکانی تری هەمان هۆنراوەدا دووبارە نەبێتەوە، ئەگەر دووبارە بێتەوە دەبێت بە ڕەدیف و سەروا دەکەوێتە وشەی پێش ئەوەوە))(گەردی، ١٩٩٩: ٢٦). بێگومان نالی لە بەکارهێنانی سەروادا یەکێکە لە شاعیرە زۆر دەوڵەمەندەکانی ئەدەبی کلاسیکی کوردی، بەڵام ئێمە لێرەدا چەند نموونەیە لە شیعرەکانی شاعیر وەردەگرین لەگەڵ خستنە رووی شێوازی سەرواکانیدا.

**ا – سەروای یەکگرتوو:** بەشی زۆرینەی شیعری کلاسیکی کوردی، بەم جۆرە سەروایە هۆنراوەتەوە، پێی وتراوە سەروای یەکگرتوو، چونکە شیعرەکە لە دێڕی یەکەمەوە تاکو دوادێڕ بەم سەروایە هۆنراوەتەوە. واتا کۆتایی هەردوو نیوەدێڕی دێڕی یەکەم و کۆتایی نیوەی دووەمی هەموو دێڕەکان یەک سەروایان دەبێت، نالی لە غەزەلێکیدا دەڵێت:

**سەراپای گوارە زەردی ترس و لەرزە**
**دەڵێی عاسی بووە لەو جێگە بەرزە**
**سوروشکم ئاب و دانەی نارە، کێ دی**
**بە گەرمی داوەرێ بەم طەرزە تەرزە ؟!**
**ئەلا ئەی ئاسکی ناسک ، بە باسک**
**شکاندت گەردنی صەد شێری شەرزە**
**ئەلا ئەی نازەنین ئاهو ، بە باهوو**
**دڵی صەیادی خۆت هێنایە لەرزە**
**دەفەرموی : چاوەکەت زنجیر کە (نالی)**
**کە موطڵەق چا نییە ئینسانی هەرزە**
(مدرس، ١٩٧٦: ٤٤٨- ٤٥٠)

ئەم غەزەلەی نالی لە پێنج دێڕەشیعر پێکهاتووە، کە کۆتایی هەردوو نیوەدێڕی یەکەم و کۆتایی نیوەدێڕی دووەمی هەموو دێڕەکان بە یەک سەروا هۆنراونەتەوە، کە بریتییە لە (ز)، کە ڕەوییە، مۆرفێمی ڕێزمانی (ە)یش، وەکو پاشڕەوی هاتووە، لە وشەکانی (لەرزە، بەرزە، تەرزە، شەرزە، لەرزە، هەرزە )ـدا، بەمەش شاعیر لە دروستکردنی ئاوازی دەرەوەی شیعرەکەدا سوودی لە سەروای یەکگرتوو وەرگرتووە، کە سەروایەکی زۆر بەربڵاوە لە شیعری نالیدا و بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی پێ هۆنیوەتەوە. ئەمەش دەرخەری شێوازی شاعیرە لە سوودوەرگرتن لە سەروا بۆ خوڵقاندنی مۆسیقای دەرەوەی شیعر.

**ب– پاش سەروا:** پاش قافییە یاخود ئەتوانین قافییەی دووەمی پێ بڵێین، ئەمە بریتییە لە وشەیەک، یاخود ڕستەیەک لە دوای هەموو دێڕە شیعرێکدا وەکو خۆی دووبارە ئەکرێتەوە، بە مەرجێک پێش ئەو قافییەی دووەمە دیسانەوە دێڕە شیعرەکان قافییەی تایبەتیان هەبێت(خەزنەدار، ١٩٦٢: ٥٩)، نالی دەڵێت:

**دەرونم پڕ کەباب و دەردە بێ تۆ**
**دڵم گەرمە و هەناسەم سەردە بێ تۆ**
**خەریکی شەش دەری هات و نەهاتم**
**خەلاصیم قەت نییە لەم دەردە بێ تۆ**
**لیباسم ماتەمە ، شینە ، لە شیندام**
**سوروشکم سورە، ڕەنگم زەردە بێ تۆ**
**عەزیزم ! دڵ ڕەقە و خۆم فەرد و تەنهام**
**دەترسم بمکوژێ ئەم دەردە بێ تۆ**
**بە بێ دیداری تۆ خۆ لاڵە (نالی)**
**عەجەب هەستاوە ئەم چەن فەردە بێ تۆ**
(مدرس، ١٩٧٦: ٣٨٠)

ئەم غەزەلە، کە لە پێنج دێڕەشیعر پێک هاتووە، ئەو وشانەی، کە سەرواکانیان تێدایە بریتین لە (دەردە، سەردە، نەردە، زەردە، دەردە، فەردە)، کە سەروای (د) بووە بە ڕەوی و مۆرفێمی (ە)یش، وەکو پاش ڕەوی هاتووە، بەڵام شاعیر لە دوای ئەم سەروایانەوە پاش سەروایەکی داناوە، کە بریتییە لە دەستەواژەی (بێ تۆ)، بەمەش شاعیر لە خوڵقاندنی مۆسیقای دەرەوەی شیعردا لە دوای سەروای یەکگرتوو، سوودێکی زۆری لەم جۆرە سەروایە وەرگرتووە و کە جەخت و پاتەبوونەوە و سەرنجکێشانی تێدا دەبینرێت. نالی لەکۆی (١٣٠) دەق شیعری (٣٨) دەق بەم جۆرەیان هۆنیوەتەوە و شێوازی شیعری خۆی پێ نەخشاندووە. جگە لەو سەروایانەی باسمان کرد (نالی) یەک دەق شیعریشی بە سەروای (موستەزاد) هۆنیوەتەوە، کە بە ناوی (ئەی تازە جوان ! پیرم و ئوفتادە و کەوتووم). بەمەش نالی لە خولقاندنی ئاوازی دەرەوەی هۆنراوەدا سوودێکی زۆری لە سەروای (یەکگرتوو، پاش سەروا) وەرگرتووە.

بەگشتیی سەروای شیعرەکانی نالی دوو جۆرن کە ئەوانیش: سەروای سووک، کە لە یەک پیت هەتاکو پێنج پیتی پێکدێت. سەروای قورس، کە لە وشەیەک یان ڕستەیەک (تەواو، ناتەواو) یان دەستەواژەیەک، کە لە کۆتایی نیوەدێڕەکاندا دووبارە دەبنەوە، پێکدێن. بەڵام سەروا قورسەکانی بەگشتیی لە شێوازی پاش سەروادا خۆیان دەنوێنن، چونکە لە پێشی-هەموویانەوە سەروایەکی سووک بوونی هەیە. ئەم جۆرە وەک لە نمونەکەی پێشەوە خستمانە ڕوو لە شیعری نالیدا بە بەراورد بە شیعری شاعیرانی تر زۆرە و دەکرێت وەکو شێوازی تایبەتی ئەو لە خوڵقاندنی ئاوازی دەرەوەدا سەیری بکەین.

کێشی- ئەم دێـڕە (**ڕەمەڵی هەشــتی مەحــزوف**)ە، کە لە نـاو خانەی شیعرە بە ڕەمەڵ نووسراوەکانی شاعیردا، (کە لە ڕووی ڕێـژەوە لە دوای هەزەج) دێـت، زۆرتـرین شـیعری بەم قـاڵبە کێشـەی ڕەمەڵ هۆنراوەتەوە. بەم پێیە ئەم جۆرەش دەبێت بە یەکێک لە دیارترین شـێوازەکانی شـیعری نالی. لە ڕووی کێشی- شیعرەکانییەوە لە کۆی (١٢٢) دەق شیعر (١٠٨)یان، تەنها بە هەردوو جۆری دەریای (هەزەج، ڕەمەڵ) هۆنراونەتەوە.

ئاماری شیعرەکانی نالی لە ڕووی کێشی عەرووزەوە: (لە کۆی ١٢٢ دەق ، (٦٨) دەق بە هەزەجە و (٤٠) دەق بە ڕەمەڵە و (١٠) دەق بە مـــوزاریعە و (١) دەق بە ڕەجەزە و (١) دەق بە موجتەس و (١) دەق بە بەسیت و (١) دەق تەویلە)(گەردی، ٢٠٠٣: ٧٦٣).

**٢- ســـەروا :**ســەروا، بنەمــایەکی گــرنگی مۆســیقای شــیعرە بەتـایبەتی لە شـیعری کلاسـیکدا، عەلادیـن سـەجادی دەڵێـت: ((ســەروا، بــریتییە لەو پیتــانە- بەدەنــگ بێ یــا بێــدەنگ، کە ئاوازەکانیـان وەکـو یەکە و کەوتـوونەتە دوای هەر دوو نیـوە هۆنراوەکەوە، ئەمە لە کاتێکا وایە سەراپای دەستە هۆنراوەکە دووتـاکی بێ))(ســەجادی، ٢٠١٨: ١١٥)، د.عەزیــز گەردیــش دەڵێـت: ((ســەروا بەشــێکە لە دوا وشــەی دێــڕ بەو مەرجەی وشـەکە وەکـو خـۆی بە هەمـان مانـا لە کۆتـایی دێڕەکانی تـری هەمـان هـۆنراوەدا دووبـارە نەبێـتەوە، ئەگەر دووبـارە بێـتەوە دەبێـــت بە ڕەدیـــف و ســـەروا دەکەوێـــتە وشـــەی پـــێش ئەوەوە))(گەردی، ١٩٩٩: ٢٦). بێگومـان نـالی لە بەکارهێنـانی ســـەروادا یەکــێکە لە شـــاعیرە زۆر دەوڵەمەنـــدەکانی ئەدەبی کلاســیکی کــوردی، بەڵام ئــێمە لــێرەدا چەنــد نمــوونەیە لە شیعرەکانی شـاعیر وەردەگـرین لەگەڵ خسـتنە ڕووی شـێوازی سەرواکانیدا.

**ا – ســەروای یەکگرتــوو:** بەشی زۆرینـەی شـیعری کلاسـیکی کوردی، بەم جۆرە سەروایە هۆنراوەتەوە، پێی وتراوە سەروای یەکگرتـوو، چـونکە شـیعرەکە لە دێری یەکەمەوە تـاکو دوادێـڕ بەم سەروایە هۆنراوەتەوە. واتا کۆتایی هەردوو نیوەدێڕی دێڕی یەکەم و کۆتایی نیوەی دووەمی هەموو دێڕەکان یەک سەروایان دەبێت، نالی لە غەزەلێکیدا دەڵێت:

**سەراپای گوارە زەردی ترس و لەرزە**
**دەڵێی عاسی بووە لەو جێگە بەرزە**
**سوروشکم ئاب و دانەی نارە، کێ دی**
**بە گەرمی داوەرێ بەم طەرزە تەرزە ؟!**
**ئەلا ئەی ئاسکی ناسک ، بە باسک**
**شکاندت گەردنی صەد شێری شەرزە**
**ئەلا ئەی نازەنین ئاهو ، بە باهوو**
**دڵی صەییادی خۆت هێنایە لەرزە**
**دەفەرموی : چاوەکەت زنجیر کە (نالی)**
**کە موطڵەق چا نییە ئینسانی هەرزە**

(مدرس، ١٩٧٦: ٤٤٨- ٤٥٠)

ئەم غەزەلەی نالی لە پێنج دێرەشیعر پێکهاتووە، کە کۆتـایی هەردوو نیـوەدێری یەکەم و کۆتـایی نیـوەدێری دووەمی هەمـوو دێڕەکان بە یەک سـەروا هـۆنراونەتەوە، کە بـریتییە لە (ز)، کە ڕەوییە، مـۆرفێمی ڕێزمـانی (ە)یش، وەکـو پاشڕەوی هـاتووە، لە وشـــەکانی (لەرزە، بەرزە، تەرزە، شـــەرزە، لەرزە، هەرزە )ـــدا، بەمەش شـاعیر لە دروسـتکردنی ئـاوازی دەرەوەی شـیعرەکەدا سـوودی لە سـەروای یەکگرتـوو وەرگرتـووە، کە سـەروایەکی زۆر بەربـڵاوە لە شـیعری نالیـدا و بەشی هەرە زۆری شـیعرەکانی پێ هۆنیـــــوەتەوە. ئەمەش دەرخەری شـــــێوازی شـــــاعیرە لە سـوودوەرگرتن لە سـەروا بـۆ خوڵقانـدنی مۆسـیقای دەرەوەی شیعر.

**ب– پاش سەروا:** پاش قافییە یاخود ئەتوانین قافییەی دووەمی پێ بڵێین، ئەمە بریتییە لە وشەیەک، یاخود ڕستەیەک لە دوای هەمـوو دێـڕە شـیعرێکدا وەکـو خـۆی دووبـارە ئەکـرێتەوە، بە مەرجێک پێش ئەو قافییەی دووەمە دیسانەوە دێڕە شیعرەکان قــافییەی تایبەتیــان هەبیــت(خەزنەدار، ١٩٦٢: ٥٩)، نــالی دەڵێت:

**دەرونم پڕ کەباب و دەردە بێ تۆ**
**دڵم گەرمە و هەناسەم سەردە بێ تۆ**
**خەریکی شەش دەری هات و نەهاتم**
**خەلاصیم قەت نییە لەم دەردە بێ تۆ**
**لیباسم ماتەمە ، شینە ، لە شیندام**
**سوروشکم سورە، ڕەنگم زەردە بێ تۆ**
**عەزیزم ! دڵ ڕەقە و خۆم فەرد و تەنهام**
**دەترسم بمکوژێ ئەم دەردە بێ تۆ**
**بە بێ دیداری تۆ خۆ لائە (نالی)**
**عەجەب هەستاوە ئەم چەن فەردە بێ تۆ**

(مدرس، ١٩٧٦: ٣٨٠)

ئەم غەزەلە، کە لە پێـــنج دێڕەشـــیعر پێــک هـــاتووە، ئەو وشـانەی، کە سـەرواکانیان تێـدایە بـریتین لە (دەردە، سـەردە، نەردە، زەردە، دەردە، فەردە)، کە سەروای (د) بووە بە ڕەوی و مـۆرفێمی (ە)یـش، وەکـو پـاش ڕەوی هـاتووە، بەڵام شـاعیر لە دوای ئەم سـەروایانەوە پاش سـەروایەکی داناوە، کە بـریتییە لە دەستەواژەی (بێ تۆ)، بەمەش شاعیر لە خوڵقاندنی مۆسیقای دەرەوەی شیعردا لە دوای سەروای یەکگرتوو، سوودێکی زۆری لەم جـۆرە سـەروایە وەرگرتـووە وەکە جەخـت و پـاتەبوونەوە و سەرنجکێشــانی تێــدا دەبینرێــت. نــالی لەکــۆی (١٣٠) دەق شـــیعری (٣٨) دەق بەم جۆرەیـــان هۆنیـــوەتەوە و شـــێوازی شیعری خۆی پێ نەخشاندووە. جگە لەو سەروایانەی باسمان کــرد (نــالی) یەک دەق شیعریشی- بە ســەروای (موســتەزاد)

هۆنیوەتەوە، کە بە ناوی (ئەی تازە جوان ! پیرم و ئوفتادە و کەوتووم). بەمەش نالی لە خولقاندنی ئاوازی دەرەوەی هۆنراوەدا سوودێکی زۆری لە سەرەوای (یەکگرتوو، پاش سەروا) وەرگرتووە.

بەگشتیی سەروای شیعرەکانی نالی دوو جۆرن کە ئەوانیش: سەروای سووک، کە لە یەک پیت هەتاکو پێنج پیتی پێکدێت. سەروای قورس، کە لە وشەیەک یان ڕستەیەک (تەواو، ناتەواو) یان دەستەواژەیەک، کە لە کۆتایی نیوەدێڕەکاندا دووبارە دەبنەوە، پێکدێن. بەڵام سەروا قورسەکانی بەگشتیی لە شێوازی پاش سەروادا خۆیان دەنوێنن، چونکە لە پێشی-هەموویانەوە سەروایەکی سووک بوونی هەیە. ئەم جۆرە وەک لە نموونەکەی پێشەوە خستمانە ڕوو لە شیعری نالیدا بە بەراورد بە شیعری شاعیرانی تر زۆرە و دەکرێت وەکو شێوازی تایبەتی ئەو لە خوڵقاندنی ئاوازی دەرەوەدا سەیری بکەین.

## دووەم– ئاوازی ناوەوە

بەدەر لە ئاوازی دەرەوە ئاوازێکی تر هەیە، کە ئەویش بەشدارییەکی کارا لە دروستکردنی مۆسیقای شیعردا دەکات، ئەویش ئاوازی ناوەوەیە، کە (خۆی لە ڕێکخستنێکی ورد و جوانی وشەکانی ناو دێڕە شیعر و پاش و پێش کردنیان و دووبارەکردنەوەیاندا دەردەخات و بەمەش ئاوازێکی ڕەوان بە شیعرەکە دەبەخشێت)(مستەفا، ٢٠٠٩: ١٣٠.) دەتوانین بڵێین بنەمایەکی باشە بۆ دەستنیشانکردنی شاعیرێکی باش لە ئاستی فۆرمدا، چونکە (لە ڕێگەی ئەو مۆسیقای ناوەوە شاعیرێک لە شاعیرێکی تر جیا دەکرێتەوە و پەسەند دەکرێت)(ئەحمەد، ٢٠١٤: ٩١).

ئاوازی ناوەوە بەهۆی چەند شێوازێکی مامەڵەکردنی شاعیران لەگەڵ دەنگ و وشە و دەستەواژە و ڕستە لە ناو شیعرەکاندا دروست دەبێت، کە گرنگترینی ئەوانەش لە شیعری نالیدا لە خوارەوە ئاماژە پێ دەدەین.

### ١ – دووبارەکردنەوەی تاکە دەنگ

هەندێکجار شاعیران بە دووبارەکردنەوەی تاکە دەنگێک ئاوازێکی خۆش بە شیعرەکە دەبەخشن، کە (ئەمەش لە سنووری دێڕ و بەیت و دەقی شیعریدا، زیاتر لە دەنگەکانی تر سەرنجی لێکۆڵەرانی شیعری ڕاکێشاوە و وەکو دیاردەیەکی پێکهێنەری ئاوازی ناوەوەی دەق تێی ڕوانراوە)(میرزا تۆفیق، ٢٠١٢: ١١٣).

نالی زۆرجار ئەم تەکنیکانەی بەکارهێناوە و لەسەر ئاستی ئاسۆیی و ستوونی هەندێک تاکە دەنگ (پیتێک)ی دووبارە کردووەتەوە و بەمەش مۆسیقایەکی ناوەکی خۆشی بە شیعرەکە بەخشیوە، لێرەدا هەوڵ ئەدەین چەند نموونەیەک بخەینەڕوو، لە دێرێکدا دەڵێت:

**ڕەنگی نییە ڕوخسارەیی ڕەنگین و لەطیفی**
**ڕۆشن بووە ئەم نوکتە ئەباتی لە بەصەردا**
(مدرس، ١٩٧٦: ٨٠)

لێرەدا دەبینین شاعیر لەسەر ئاستی ئاسۆیی لە نیوە دێڕی یەکەمدا تاکە دەنگی (ڕ)ی سێ جار لە وشەکانی (ڕەنگ، ڕوخسار، ڕەنگین)دا ، دووبارە کردووەتەوە و لەسەر باری ستوونیش دیسان هەمان دەنگی لە نیوە دێڕی دووەمدا لە وشەی (ڕۆشن)دا دووبارە هێناوەتەوە و مۆسیقا ئاوازێکی ناوەکی خۆشی و بە شیعرەکە بەخشیوە. هەر لە هەمان شیعردا نالی دەڵێت:

**هەرچەندە کە ئینسانە لە بەرچاوی من و تۆ**
**مومکین نییە ئەم لوطفە لە ئینسان و بەشەردا**
**ئیثباتی خەط و خاڵە، بە صەد شوشتن و گریان**
**ناچێتەوە ئەم نوقطە لە نێو دیدەیی تەڕدا**
(مدرس، ١٩٧٦: ٨١)

لێرەدا شاعیر بە دووبارەکردنەوەی تاکە دەنگی (ط) لەسەر ئاستی ستوونی لە نیوەی دووەمی دێڕی یەکەمدا لە وشەی (لوطف) و لە نیوەی یەکەمی دێڕی دووەمدا لە وشەی (خەط) و لە نیوەی دووەمی دێڕی دووەمدا لە وشەی (نوقطە)دا، مۆسیقایەکی جوانی لەسەر ئاستی ئاوازی ناوەوەی هۆنراوە دروستکردووە و دڵڕفێنییەکی جوانی بە شیعرەکە بەخشیوە، وەک جۆرێک لە پەیوەندیی دەنگی نێوان دێڕەکانیش دەبینرێت. لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

**شەڕەر و تابش و بارش لە دەمی ڕەعدی بەهار**
**ئەثەری سۆزشی گریانە لە ئەفغانمدا**
(مدرس، ١٩٧٦: ٩٠)

لەم دێڕەدا شاعیر تاکە دەنگی (ش)ی لەسەر ئاستی ئاسۆیی و ستوونیش، لە نیوە دێڕی یەکەم، لە وشەکانی (شەڕەر، تابش، بارش) و لە نیوە دێڕی دووەم، لە وشەی (سۆزش)دا دووبارە کردووەتەوە و ئاوازێکی ناوەکی بە شیعرەکە بەخشیوە، هاوکات پەیوەندییە دەنگییەکە کە پیتی (ش) دەلالەت لە پەیوەندییە واتاییەکەش دەکات کە گەرمی و سووتانە لە لایەک و بارین لە لایەکی تر لە کۆنتێکستەکەدا.

یان لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

**ڕوخم ڕەنگینی ڕەنگی ڕومەتی ڕەنگینتە، بازا**
**قەدی سەروم کەمانیی قەدی شیرینتە، بازا**
(مدرس، ١٩٧٦: ٩٥)

لەم دێڕەدا شاعیر تاکە دەنگی (ڕ)ی لە نیوە دێڕی یەکەمدا پێنج جار لە وشەکانی (ڕوخ، ڕەنگین، ڕەنگ، ڕومەت، ڕەنگین)دا دووبارە کردووەتەوە و دڵڕفێنییەکی بە شیعرەکە بەخشیوە و ئاوازێکی خۆشی لە ناوەوەی شیعرەکەدا دروست کردووە.

**٢ – دووبارەکردنەوەی وشە** یەکێکی تر لەو تەکنیکانەی، کە ئاوازی ناوەوەی شیعری پێ دەخوڵقێنرێت، دووبارەکردنەوەی وشـەیە، ئەگەرچی (هەمـوو وشـە و فرێزەکـان، بە شـێوەیەکی گشــتی، سیســتمی یەکگرتــووی ڕستەســازی بە مەبەســتی دووپــاتکردنەوەی بەشــێک لە پەیــامی دەقەکە، دووبــارە دەکرێتەوە)(سەعید، ٢٠١٣: ١٦٦)، لەگەڵ ئەوەشـدا زۆرجار ئەم دووبـارەکردنەوەی وشـەیە لە لای شـاعیران بە مەبەسـتی دروستکردنی ئاوازی ناوەوە دەکرێت و بۆ جوانکردنی مۆسیقای شـیعرەکە دەیـکەن، دووبـارەکردنەوەی وشـەش ئەوەیە، کە (یەک وشـە بە هەمـان واتـای خـۆی دووبـارە ببێـتەوە، واتـا نەچێتە نێو خانەی ڕەگەزدۆزییەوە)(عەلی، ٢٠١٥: ١٠٥).

وەک شاعیر لە دەقێکدا دەڵێت:

**عیشقت ، کە مەجازی پێ، خواهیش مەکە ئیللا کچ**
**شیرین کچ و ، لەیلا کچ و ، سەلما کچ و، عەذرا کچ**
**فەرقی کوڕ و کچ ڕۆشن ، وەک فەرقی مەە و میهرە**
**ئەم فەرقی شەو ڕۆژە وەک فەرقە لە کوڕ تا کچ**

(مدرس، ١٩٧٦: ١٥٧)

لەم دەقەدا جـگە لەوەی وشــەی (کـچ) کـراوە بە (پـاش سەروا) ی شیعرەکە و ئاوازی دەرەوەی پێ دروست کراوە، لە هەمان کاتیشـدا شـاعیر هەمان وشـەی (کچ) لەناو دێڕەکانـدا لەسـەر ئاسـتی ئاسـۆیی و سـتوونیش بەکار هێنـاوە و ئـاوازی نـاوەوەشی پێ دڵگـیر کـردووە و تێمـای کـۆی غەزەلە پـازدە دێڕییەکەی کچە و بیست و هەشت جار لە کۆی غەزەلەکەدا دووبارە بووەتەوە، وەک دەبینین تەنها لە دێڕی یەکەمدا پێنج جـار ئەو وشـەیەی دووبـارە کـردووەتەوە، جـگە لەوە وشـەی (فەرق)یش لە دێڕی دووەمـدا چـوار جار دووبارە بـووەتەوە و مۆســیقایەکی جــوانی لە ڕووی ئــاوازی نــاوەوە پێ دروســت کردووە.

شاعیر لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

**زوڵف ئەگەر دوکەڵە، دوکەڵ بەری گوڵناری نییە**
**سەروە گەر قامەتی، کەی سەروی ڕەوان بارەوەرە**

(مدرس، ١٩٧٦: ٤١٣)

شــاعیر لە نیــوەی یەکەمی ئەم دێــڕە شــیعرەدا وشــەی (دوکەڵ)ی لەســـەر ئاســـتی ئاســـۆیی دوو جـــار دووبـــارە کردووەتەوە، لە نیوەی دووەمیشدا وشەی (سەرو)ی دیسان دوو جار دووبارە کردووەتەوە و جۆش و خرۆشێکی پێی داوە و مۆســیقایەکی خــۆشی لێ بەرهەم هــاتووە و هەردوو وشــەکە پانتــایی گەورەی لە فــۆرم و واتاشــدا داگیرکــردووە و چەقی دێڕەکەن.

لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

**تا فەلەک دەوری نەدا صەد کەوکەبی ئاوا نەبوو**
**کەوکەبی میهری موبارەک طەلعەتی پەیدا نەبوو**

(مدرس، ١٩٧٦: ٣٧٠)

لەم دێڕەدا شاعیر وشەی (کەوکەب) لە نیوە دێڕی یەکەم و نیـوە دێـڕی دووەمـدا دووبـارە کـردووەتەوە و لەسـەر ئاسـتی ستوونی مۆسیقایەکی جوانی بە شیعرەکە بەخشیوە.

**٣ – دووبارەکردنەوەی دەستەواژە و ڕستە**

جـگە لە دووبـارەکردنەوەی دەنـگ و وشـە، هەنـدێکجار شاعیران دەستەواژەیەکی دیاریکراو یان ڕستەیەکی دیاریکراوی ناو دێڕە شیعرەکانیان لە ناو هەمان دێر یان دێڕەکانی دواتردا دووبـارە دەکەنەوە، کە ئەمەش بێگومـان هەم بـۆ ڕێکخسـتنی کێشیـ دێـڕەکەیە، کە ئـاوازی دەرەوەی پێ ڕێـک دەخـات و هەمیش ئاوازی ناوەوەی پێ جوان و دڵڕفێن دەکات.

نالی لە دێڕێکدا دەڵێت:

**لەکن تۆ خار و خەس گوڵزارە بێ من**
**لەکن من خەرمەنی گوڵ خارە بێ تۆ**
**لەکن من با وجودی ناس و ئەجناس**
**کەسی تێدا نییە ئەم شارە بێ تۆ**

(مدرس، ١٩٧٦: ٣٨٢،٣٨٣)

لێرەدا دەستەواژەی (لەکن)، لە دێڕی یەکەمدا، لە سەرەتای هەردوو نیـوە دێـڕەکەوە هـاتووە، لە سـەرەتای نیـوەی یەکەمی دێڕی دووەمیشدا دیسان دووبارە بووەتەوە، بەم جۆرە شاعیر ئـاوازی نـاوەوەی پێ دروسـتکردووە و مۆسـیقایەکی جـوانی بە شیعرەکە بەخشیوە.

لە دەقێکی تردا شاعیر دەڵێت:

**پێم دەڵێن: مەحبوبە خێل و قیچە ، مەیلی شەڕ دەکا**
**خێل و قیچە، یا ترازوی نازی نەختێ سەر دەکا**
**خێل و قیچە ، یا بە غەمزە بۆ نیشانەی دڵ بە چاو**
**مەیلی ڕاست هاوێتنی موژگانی دڵ پەنکەر دەکا؟!**

(مدرس، ١٩٧٦: ١٠٨، ١٠٩)

لێرەدا شاعیر دەستەواژەی (خێل و قیچ)ی لە دێڕی یەکەم لە نیوەی یەکەم و نیوەی دووەمیشدا بەکارهێناوە، پاشان هەمان دەسـتەواژەی لە نیـوەی یەکەمی دێـڕی دووەمیشــدا دووبـارە کـــــردووەتەوە، بەمەش لەســـــەر ئاســـــتی ســـــتوونی، بە دووبـــارەکردنەوەی ئەو دەســـتەواژەیە ئـــاوازی نـــاوەوەی دروســـتکردووە، هەم وەک مۆســـیقایەکی جـــوان و وەک جـۆرێکیش لە وەڵامـدانەوەی قسـەی خەڵـکی، کە فـۆرمێکی دووبارەبووەوەی سەرسووڕمانی شێوازی زمانی کوردییە.

## تەوەری دووەم : شێوازی شیعری نالی لە ئاستی زمان و وێنەدا

### یەکەم: زمانی شیعری

بێگومان ئەوکەناڵەی کە شاعیران بەرهەمەکانی خۆیان پێ دەگەیەنـن بە خـوێنەران و گـوێگران، بـریتییە لە زمـان، تـا ئەو

ئەنــدازەیە گــرنگە، کە (پۆتێبنیــا) دەڵێــت: (بەهەمــان ئەو ئەنــدازەیەی دەســەڵاتت بەســەر زمانــدا هەیە، بەرهەمــت دەبێت)(Потебня، 1990: 327). هەرخۆی (شیعر جۆرێکە لە زمان، هەمووکەسێک دەستی نایگاتێ، تەنیا ئەوانە نەبێت، کە جـۆرە توانـایەکی نمـوونەیی تایبەتیـان هەیە)(قـادر، ٢٠١٢: ٨)، هەروەهـا (ئەرەسـتۆ) لەم بـارەیەوە دەڵێـت: ((گەورەتـرین خاسێتی چاکی زمانی شیعری ئەوەیە، کە ڕوون و ئاشکرا بێت، بێ ئەوەی سـواو بێـت، زمـانی شـیعری ئەوکاتە ڕوون و ئاشـکرا دەبێت، کە لە وشەی ڕۆژانە دروست بێت)(ئەرەستۆ، ٢٠٠٤: ٨٣)، بەڵام بێگومــان ئەمە ئەوە ناگەیەنێــت، کە شـــاعیران دەتوانن بە هەمان ئەو زمانەی، کە خەڵکی قسـەی پێ دەکەن، بە هەمـان شـێوە شـیعرەکانیان بهـۆننەوە، چـونکە لە ڕاسـتیدا ئەرەستۆ ڕای وایە، کە (زمانی قسەکردن لە زمانی شیعر جیایە و بۆ ئەوە دەچێت کە شاعیر مافی ئەوەی هەیە زمانێکی تایبەت بەکار بهێنێت، کە لە زمانە ئاساییە بڵاوەکە دوور بێت)(سابیر، ٢٠٠٦: ٢٨٢). بە شـێوەیەکی گشـتیی دەتـوانین بڵێـین: زمـان بنچینە و ڕەگەزێکی بەهێزی شیعرە، ئەو ئامرازەیە، کە شـاعیر هەســـت و نەســـت ســـۆز و بـــیر و بۆچوونەکـــانی خـــۆی پێ دەردەبڕێت.

نـالی یەکـێکە لە گەورەتـرین شـاعیرانی ئەدەبیـاتی کلاسـیکی کـوردی و سـەرقافڵە و سەردەقشـکێنی شـاعیرانی قوتابخـانەی بابـان بـووە، لە سـەردەمی (نالی)ـدا شـیعر و ئەدەبیـات بە شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست نەدەنووسرا، بەڵکو بە شێوەزاری گۆرانی بووە، بەڵام نالی هات و وەکو ڕابەرێک ئاراستەی زمانی شیعری لە زمانی شێوەزاری گۆرانەوە گواستەوە بۆ شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاسـت و زۆر سـەرکەوتوانە تـوانی شـاعیرانی دوای خـۆی وا لێ بکـات لەسـەر ئەو ڕێـڕەوەی ئەو بـڕۆن، هەروەهـا لەگەڵ ئەوەشدا بێگومان زمانی شیعری ئەو سەردەمە زمانێکی تـایبەت بـووە بەو قۆنـاغەوە و (شـیعر وتـن بە چەنـد زمانێـک نەک تەنهـا لای شـاعیرەکان ڕەنگــدانەوەیەکی تەبــیعی بــاری ڕۆشنبیری سـەردەمەکەیان بووە، بەڵکو لەبەرئەوەی، نووسـین بە چەند زمانێک بوو، کە شاعیرەکان شانازیشیان پێوە دەکرد و بە نیشـانەی زانـایی و دەسترۆشـتوویی ئەدەبی خۆیـان دادەنـا )(حەمەکەریم، ١٩٨٦: ٧٦). ئەوەتا نالی لە شیعرێکدا دەڵێت:

**فارس و کورد عەرەب هەرسێم بە دەفتەر گرتووە**
**نالی ئەمرۆ حاکمی سێ موڵکە، دیوانی هەیە**

(مدرس، ١٩٧٦: ٥٧٧)

لێرەدا دێڕە شـیعرەکە دوو واتـا هەڵدەگرێت، لە ڕووکەشـدا شاعیر دەڵێت: دەفتەر و دیوانی حوکمی فارس و کورد و عەرەب هەرسـێکی لەدەسـتی منـدایە و مـن حوکمیـان دەکەم، لە واتـای دووەمدا مەبەستی ئەوەیە، کە دەسەڵاتی بەسەر هەر سێ زمانی فـارسی و کـوردی و عەرەبیـدا دەشـکێت و بە هەرسێ زمـانەکە شـیعری هەیە، ئەمە خـۆی بۆخـۆی دەرخەری ئەوەیە، کە لە زمانی شیعری نالیدا وشـەی زمانەکانی فارسی و عەرەبی بـوونی هەیە. لە دێڕێکی تردا نالی وەسفی زمانی شیعری خۆی دەکات و دەڵێت:

**(نالی) زوبانەکەی تەڕ و پاراوی سەوسەنت**
**حەیرانی چاوی نێرگسە، وەک لاڵە ، نادوێ**

(مدرس، ١٩٧٦: ٧٠٠)

لەم دێـڕەدا نـالی بە خـۆی دەڵێـت: ئەی نـالی زمـانە تەڕ و پاراوەکەت، کە وەکو سەوسەن وایە (سەوسەن، گیایەکی گەڵا درێـژە و گـوڵی ڕەنگاوڕەنگی هەیە)، واتە زمانێکی تەڕ و پاراو، کە وەکـو گەڵای سەوسـەن درێـژە (درێـژ، دەکرێ مەبەسـتی ئەوە بێت کە توانایەکی باشی زمانی هەیە) و وەکـو گـوڵی سەوسـەن وایە، کە ڕەنگـاوڕەنگە، دەکرێـت مەبەسـتی ئەوە بێـت، کە لە هەموو جۆرێک یان وشەی هەموو زمانێکی تێدایە.

نـالی زمـانێکی سـادە و سـاکاری وەهـای نەبـووە، کە هەمـوو کەسێک بە ئاسانی لە لێی تێ بگات، خـۆی وەهـا پەسـنی زمـانی دەقەکانی خـۆی دەکات، کە لە هەمان کاتدا هەڵگری واتایەکی ئاشکرا و واتایەکی شـاراوەن، کە ئەوەش بەڵگەی بەرزی ئاسـتی ئەدەبیی زمانەکەی ئەون. ئەوەتا دەڵێت:

**نەظمی (نالی) میثلی ئاو و ئاوێنە ڕەنگی نییە**
**دوو ڕووە بۆ سەیری خاطر: یەک خەفی و یەک ئاشکار**

(مدرس، ١٩٧٦: ١٧٤)

لە دێــڕیکی تــردا لەســـەر وردی و قـــووڵی واتـــای زمـــانە شــیعرییەکەی وەهــای پەســن دەکــات، کە مەلەوانی ئاســایی ناتوانێت پێی بگات، بەڵکو خەڵکێکی شارەزای وەهای دەوێت، کە توانـای ئەوەیـان هەبێت لە قـوڵایی شـیعرەکانیدا بە دوای واتـادا بگەڕێـت، واتـا بە نرخەکـانی، کە وەکـو دوڕ و گەوهەر وان، بدۆزنەوە، ئەوەتا دەڵێت:

**بەحری غەزەلم پڕ لە دوڕ و گەوهەرە، ئەمما**
**غەواصی دەوێ یەعنی بە تەعمیقی بزانە**

(مدرس، ١٩٧٦: ٤٨٠)

بەکارهینـانی وشـەی زمـانە بیانییەکـان بەتـایبەتی عەرەبی و فـارسی یەکێک بـووە لە تایبەتمەنـدییەکانی زمـانی شـیعری ئەو قۆناغە، کە نالی خـۆی سـەرقافڵە و سـەرئامەدی شـاعیرانی ئەو قۆناغە بووە، شاعیرانی دیکە لەمەدا چاویان لێی کردووە، هەر بـۆیە بە ڕێـژەیەکی زۆر وشـەی ئەو زمانـانەی لە شـیعرەکانیدا بەکار هێناوە، ئەو وشانە بۆ خوێنەدەوارانی ئەو سەردەمە ئاشـنا بـوونە، (د.مـارف خەزنەدار) لەم بـارەیەوە دەڵێـت: ((شـاعیر زمانانی هاوسێکانی کوردی زانیوە، بەکارهێنانی وشەی ئەو زمانە بێگانانە لە شیعردا، ناگەڕێتەوە سەر ئەوەی ئەو وشانەی نالی بەکاری هێناون لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا دەست ناکەون، بە پـــێچەوانەوە ئەم وشـــانە لە زمـــانی کوردیـــدا هەن، بەڵکـــو

دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی ئەم وشانە وشەی (فەرهەنگی شیعر) بوون، لە زمانی فارسی و کوردی و تورکیی عوسمانی بەکار دەهێنران و ئەم وشە و ڕستانە بۆ خوێنەوارى کورد شتێکی بێگانە نەبوون))(خەزنەدار، ٢٠١٠: ٧٥)، هەندێکجار ئەو وشانە (بەتایبەتی عەرەبییەکان) لەژێر کاریگەری ئایینیدا بووە و لە ئایەتی قورئان و حەدیس، یاخود زاراوە سۆفییەکانی وەرگرتوون و هەندێک جاری تریش هەر وا وشەی عەرەبین و بەکاری هیناون، لێرەدا نمونەی دەخەینە ڕوو.

**لە سایەی کوفری زوڵفت دڵ (فنا فی النور) ی ئیمانە**
**مەڵێن ظوڵمەت خراپە، وەصڵی پەروانە لە شەودایە**

(مدرس، ١٩٧٦: ٥٥٨)

لەم دێڕەدا شاعیر چەند وشە و زاراوەیەکی عەرەبی بەکار هێناوە، (فنا فی النور) زاراوەی تەسەوفە، مانای تەوانەوە لە ڕووناکیدا، هەروەها وشەکانی (کوفر، ئیمان، ظوڵمەت، وەصڵ)ی بەکار هێناوە. لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

**بۆ سەیری خەرامیدەنی ئەم سەرو قەدانە**
**صۆفی لە طەڵەبدان و و هەمو سالیکی ڕاهن**

(مدرس، ١٩٧٦: ٣٤٤)

لەم دێڕەدا وشەکانی (خەرامیدەن، ڕاه) فارسین، وشەکانی (صۆفی، طەڵەب، سالیک) عەرەبین و شاعیر بەکاری هێناون و ئاوێتەی شیعری خۆی کردوون.

یاریکردن و دووبارەکردنەوەی وشە یەکێکە لەو تەکنیکە جوانانەی، کە لە خوڵقاندنی مۆسیقای ناوەوەی شیعردا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە و نالی لەئاستی زمانە شیعرییەکەیدا کردوویەتی و دەسەڵاتێکی زۆر باشی تێیدا هەبووە، بە ڕادەیەک بەدەگمەن شاعیرێکی تری وا لە ئەدەبی کوردیدا دەبینینەوە، کە ئەوەنە بەسەلیقە و جوان ئەم تەکنیکەی بەکار هێنابێت، بۆ نموونە لە شیعرێکیدا دەڵێت:

**خەطات فەرموو کە خۆشە چین و ماچین**
**کە ناچین لێرە خۆشە چینی ماچین**
**بڕۆت هەر چین و پەرچەم چین لەسەر چین**
**ئەوەندە چینە قوربان پێم بڵێ چین ؟!**
**شکافێکە کڵافەی نافی زوڵفت**
**دەڕێژێ میسک و عەنبەر لێرە تا چین**
**لەسەر بەرگی گوڵێکی باغی حوسنت**
**هەزار، گوڵچینی بێ بەرگ و نەواچین**
**ئەتۆ میهرییو مەهرویان ستارەن**
**لە خزمەت شەوقی تۆدا شەوچرا چین ؟!**

(مدرس، ١٩٧٦: ٣٤٥- ٣٤٨)

لەم دەقەدا نالی زۆر بە جوانی یاری بە وشە کردووە، خوێنەر و گوێگر دەکەونە نێو هەیەجانێکی مۆسیقییەوە. وشەی (چین) لە چەندین شوێندا دووبارە کردووەتەوە و یاری پێی کردووە، لە تەواوی شیعرەکەدا، شاعیر (١٥) جار وشەی (چین)ـی بەکار هێناوە، هەندێکجار وەکو شوێن (چین و ماچین، لێرە تا چین)، هەندێکجار وەکو نەرێی کرداری چوون (ناچین)، هەندێکجار وەکو هاوەڵناوی چۆنیەتی (پەرچەم چین)، هەندێکجار وەکو وشەی پرس (پێم بڵێ چین؟)، هەندێکجار وەکو ناوێکی لێکدراو (گوڵچین)، هەندێکجار وەکو کرداری ڕۆشتن (ناچین)، هەڵبەت ڕوونە، کە شاعیر بەناوی جێناوی سەربەخۆی کەسی یەکەمی کۆی (ئێمە) ەوە دواوە، بۆیە زۆر جار لە کۆتایی نیوە دێڕەکان، جێناوی لکاو بۆ کەسی یەکەمی کۆ (ین) دەرکەوتووە و دەگەڕێتەوە بۆ (ئێمە). بەمەش بە خوێندنەوەی شیعرەکە، لەسەر ئاستی ناوەوە هەست بەو مۆسیقا جوانەی ناوەوە دەکەین، کە بە هۆی وشەی (چین)ەوە، خوڵقاندوویەتی.

پاش و پێش خستنی وشە یەکێکی ترە لەو تەکنیکانەی، کە نالی لە ئاستی زمانە شیعرییەکەیدا زۆر بە جوانی بەکاری هیناوە، ئەوەش واتە: گۆڕینی یاسای ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستە، وەک: کار پێش بکەر بێت، یان گۆڕینی شوێنی جێناوەکان، یان ئاوەڵناو پێش ناو بخرێت، جگە لەمانە شاعیر ئەتوانێت لادانی لەمە گەورەتر بنوێنێت، وەک گۆڕینی شوێنی دەرخەر و دیارخراو، ئەمانەش بێگومان هەموو لادانە لە یاسا ڕێزمانییە باوەکە و شیعرییەت چێ دەکەن. شاعیر لە دێڕێکدا دەڵێت:

**بێ ، سەروی ڕەوانم! کە لەبەر ئەشکی ڕەوانم**
**خەرقە بووەتە غەرقە، کەوا سەوزە لەبەرما**

(مدرس، ١٩٧٦: ١١٩)

لەم دێرە شیعرەدا نالی دەستکاری بونیاد و ستراکچەری ڕێزمانی ڕستەی کوردی کردووە، چونکە یاسای ڕستەی زمانی کوردی لە (بکەر، بەرکار، کردار) پێکدێت، بەڵام شاعیر کرداری (بێ-وەرە) لە دێڕە شیعرەکەدا پێش خستووە و لە سەرەتای نیوەی یەکەم دایناوە، بەوەش لادانی لە ئاستی ڕستەسازیدا پێکهێناوە، ئەمەش دێڕەکەی سەرنجڕاکێشتر و کاریگەرتر کردووە و جەختی لە هاتنی یار کردووەتەوە. ئەمە جگە لەوەی دووجار وشەی (ڕەوانم)ی بە واتای جیاوازەوە هێناوە و ڕەگەزدۆزی تەواوی دروست کردووە، یەکەمیان بەواتای بەرز و قنج دێت و دووەمیان بەواتای لەبەرڕۆیشتوو(جاری) دێت. لە نیوەدێڕی دووەمیشدا، لە وشەکانی (خەرقە) عەبا یان کەوا و (غەرقە) نقومبووندا ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جوودای خوڵقاندووە و ئاوازی ناوەوەی شیعرەکەی جوانتر کردووە. هەروەها یارییەکی زمانی گونجاویشی_ لە نێوان (کەوا) و (سەوز)دا کردووە، کە وشەی کەوا لە (کەوە)ەوە نزیکە، کە بەواتای شین دێت و تەناسوبێک دەبینرێت، هەروەها هەر لە

وشــەی (کەوا)شــدا، دەشــێت بە واتــای (کە ئــاوا، کە بەم شێوەیە)ش لێک بدرێتەوە.

## دووەم: وێنەی هونەری

شـیعر لە کۆمەڵێـک ڕەگەز پێـک دێـت، ئەو ڕەگەزانەش لەگەڵ یەکــتردا تــێکەڵ بــوونە، هەر ئەم تێکەڵبــوونەش سەرئەنجام شیعری لێ بەرهەم دێت، گومانی تێدا نییە، وێنەی هـونەری یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی شـیعر، کە جـوانییەکی پێویسـت بەشـیعر دەبەخشـێت و شـێوازی شـاعیرمان بـۆ دەستنیشـان دەکات، چونکە (وێنە، پەردە هەڵماڵینە لە ڕووی دنیـابینی هـونەری نووســەر و تایبەتمەنـدییەکانی شـێوازی نووسـینی)(Поплавская ، 2010: 186)، ئەوەتا (شـارل بـالی)یش دەڵێـت: (پێشـتر لە قوتابخـانە فـێری ئەوە کـراین کە تەنها وێـنەی هـونەری شـایەنی سـەرنجە، ئێسـتا دەبینـین، کە ڕۆڵــێکی زۆر گــرنگی هەیە لەو فۆرمــانەی قســەکردندا، کە شێوازگەری لێی دەکۆڵێتەوە)(Балли، 2001: 235).

بەو پێیەی کە (وێنەی هـونەری، هـونەریترین بەشـە لە بنیـاتی شـیعردا، کە ناتوانرێـت جیـا بکـرێتەوە یـاخود لەنـگەرەکەی لەگەڵ بەشـەکانی تـردا تێـک بـدرێت، ئەمەش بەبێ هـۆ نیـیە، چونکە لەوەتەی شیعر هەبووە هەتا ئەمڕۆ لەسەر وێنە بنیات نـراوە)(گەردی، ٢٠٠٤: ٣١)، بێگومـان ئەمەش ئاسـان نیـیە، لەبەرئەوەی (وێـنەی شـیعری لە بۆشـاییەوە دروسـت نابێـت، بەڵکو لە ڕەگەزەکانی ناو واقع پێک دێت، کە شاعیر دەستکاری دەکات بە شێوەی لابردن یان جەختکردن لەسەر لایەنێکیان، پاشان جارێکی تر لەبەر ڕۆشنایی هەڵچوونە تایبەتییەکەیدا پێکی دەهێنێتەوە تا دەبێت بە وێنەیەکی نوێ)(کەریم، ٢٠٠٩: ٢٢).

وێنەی هـونەری، دەربڕینی ئەزمـونێکی هەسـتییە، بە ڕێگای یەکێ لە هەستەکانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ زەینی مرۆڤ و زەینیش بە شــێوازێکی وروژێــنەر دەیکــات بە شــیعر(عەبدوڕەحمان، ٢٠٠٦: ٨)، بەڵام (شـاعیر بـۆ دروسـتکردنی وێـنەی هـونەری تەنها پشـت بە هەسـتەکانی نابەسـتێت، بەڵکوو ئاوەز و ژیـریی لایەنێکی ترە، کە دەبێتە هۆی خوڵقاندنی وێنە. ئەو وێنانەش، کە بەهـۆی عەقڵ و ژیرییەوە دروسـتکراون و هـیچ ئاماژەیەکی هەستییان تێدا نییە، بە وێنەی واتایی ناسراون(احمد، ٢٠٢٢: ١٠٢). (سـۆکۆلۆڤ) لە کتێبی (وێـنەی هـونەری لە لیریکـای لێرمەنتۆڤدا) دەڵێت: ((کەس نییە بتوانێت نکۆڵی لەوە بکات، کە شـاعیر دەتوانێـت بە دێـڕە شـیعرێک تـابلۆیەکی هـونەری بنەخشـــێنێت و بە زینـــدوویی لە خەیـــاڵی خـــوێنەردا ڕایبگرێـت))(Соколов، 1964: 176). سـەرچاوەی سـەرەکی خوڵقانـدنی وێـنەی هـونەری، خەیـاڵە، بەو مانـایەی شـاعیر بەهـۆی خەیـاڵەوە لە نێـوان ئەو شـتانەی لێکچـوون هەیە لە نێوانیاندا وێنەی هونەری دەخوڵقێنێت، لەم بارەیەوە، (د.محمد غونەیمی هیلال) دەڵێت: ((لە وێنە شیعرییەکاندا ئەو ئامرازە بەدیدێت، کـە لـە ڕێگەیـەوە شـاعیر دەگاتـە جێگیرکـردنی ئـەو پەیوەندییانـەی، کـە لەنێـوانی شـتەکان و بـیردا، یـان لەنێـوان هەستپێکراو و سۆزدا، یاخود لەنێوان مادده و خەونـدا هەیە، ئەوەش ئەو خەیاڵەیە، کە تێیدەپەڕێنێت و دەیانگەیەنێتە یەك. وێنـەکان لە بەراوردکاری نێوان دوو شـتی کـەم یان زۆر لەیەك دوور دروست دەبن))(هلال، ١٩٩٧: ٤٠٠). بێگومان وێنەی هـونەری بە یارمەتی هـونەرە ڕوونبێژییەکان دروسـت دەبێت، هەر بـۆیە لـێرەدا هەوڵ دەدەیـن لە هەنـاوی شـیعری نـالییەوە وێنەی (لێکچواندن، خواستن، درکە) بخەینەڕوو، کە دیارترین پێکهێنەری وێنەی شیعریین.

### ١ – وێنەی لێکچواندن

لێکچوانـدن، ئەوەیـە شـتێك بـە شـتێکی دی بچوێنیـت، کـە هاوبــەش بــن لەســیفەتێك یــان زیــاتر، بــەهۆی یــەك لە ئەوزارەکانی، باس کرابێت، یان باس نەکرابێت و ڕەوتی ڕستە ئامــاژەی پێ بکات(گــەردی، ٢٠١٣: ١٢٠). نــالی لە دێڕێکــدا دەڵێت:

**ڕووم ئەوا زەرد بوو وەکو پایز لە هیجران نالیا**
**عەشق ئێستاکەش لەمن سەیلی بەهارانی دەوێ**

(مدرس، ١٩٧٦: ٧٠٣)

لەم دێـڕە شـیعرەدا دوو وێـنەی تـاک هەیە، یەکەمیـان: لە نیـوەدێڕی یەکەمـدا بە یارمەتی لێکچوانـدن دروسـتی کـردووە، لـێرەدا شـاعیر ڕووی خـۆی چوانـدووە بە پـایز لە زەردیـدا، ئەم چوانــدنەی بە یــارمەتی ئەوزارێــک لە ئەوزارەکــانی چوانــدن کــردووە، کە ئەویـش (وەکـو)ە، شـاعیر بەیـارمەتی چوانـدنی درێــژەی بەربــڵاو وێــنەکەی خوڵقانــدووە. لە نیــوەدێڕی دووەمیشـدا سـوود لە خواسـتنی شـاراوە وەرگـیراوە، سـەیلی بەهـاران خواسـتراوە و بـۆ (فرمێسـک) بەکار هـاتووە، چـونکە بەهـۆی عیشـقەوە دروسـت بـووە، مەحـاڵ کۆدەکاتەوە، کە لافاوی بەهارانە لە پایزدا. لە دێڕێکی تردا شاعیر دەڵێت:

**شیری ئەبرۆت، تیری غەمزەت وا لەجەرگم کارییە**
**دێت لە تۆفانی دوو چاوم لەت لەتی خوێنی جگەر**

(مدرس، ١٩٧٦: ٢٠٢)

لەم دێڕە شیعرەدا، بـرۆی یار بە شمشیر، غەمزەشی بە تیر چـوێنراون، یـار بەو تـیر و شمشـێرە جەرگی شـاعیری پارەپـارە کردووە، بەمەش لە جیاتی فرمێسک، خوێن و پارچەی جگەری شاعیر بە چاوەکانیدا دێتە خوارەوە. شاعیر بە یارمەتی چواندنی بـڵاو وێـنەیەکی هـونەری نـاوازەی لەپێشـوونەچووی دروسـت کــــردووە، کە مەگەر هەر لە وێــــنەی شــــیعرییدا و نــــالی بەپەڕەمووچی زمان بیکێشێت.

### ٢ – وێنەی خواستن

یەکێکی تر لەو هونەرە ڕەوانبێژیانەی توانایەکی بەرزی هەیە لە خوڵقانـدنی وێـنەی هونەریـدا، خواسـتنە، کە (بـریتییە لە

بەکارهێنانی وشەیەک بۆ دەربڕینی مانایەکی تر بێجگە لە مانای دروستی وشەکە، بە مەرجێ پەیوەندی نێوان مانای دروست و مانای خوازەیی وشەکە وێکچوون بێت، ئەبێ نیشانەیەکیش هەبێ کە ئێمە مەبەستمان بەم وشەیە مانا خواستراوەکەیە، نەک مانا دروستەکە)(گەردی، ١٩٧٢: ٦٩)، هەروەها (أبي هلال العسكري)یش دەڵێت: ((خواستن، گواستنەوەی دەستەواژەیە لە زماندا، لە شوێنی بەکارهێنانی بنەڕەتییەوە بۆ مەبەستێکی تر))(العسكري، ١٩٥٢: ٢٦٨). زمانی شیعری نالی لە ئاستێکی بەرزی هونەریدا بووە و شارەزاییەکی زۆر باشی لە هونەری خواستندا هەبووە، توانییویەتی لە ئاستێکی زۆر باڵادا وێنەی هونەریی خواستنی نایاب و داهێنراوی پێ بخوڵقێنێت لە دێڕێکدا دەڵێت:

**لە دوگمەی سوخمە دوێنێ نوێژی شێوان**
**بەیانی دا سفیدەی باغی سێوان**

(مدرس، ١٩٧٦: ٣٢٠)

لێرەدا شاعیر بە یارمەتی خواستن، وێنەیەکی هونەری جوانی دروست کردووە، وێنەکە دەڵێت: دوێنێ لە کاتی نوێژی ئێوارەدا، دوگمەی سینەی یار کرایەوە و سێوە سپییەکانی (مەمکەکانی یار) ئێوارە(شێوان)یان گۆڕی بە بەیانی، یان دەشێت وەک (شێواند)یش لێک بدرێتەوە، کە نوێژەکەی شێواندووە. دیارە خواستن لە (باغی سێوان) دایە، شاعیر وشەی سێوی خواستووە و لە جیاتی مەمک بەکاری هێناوە، واتە (مەمک) بۆخواستراوە و نەهاتووە، (سێو) لێ خواستراوە، (دوگمەی سوخمە) و (بەیان-دوو بەی) نیشانەی خواستنەکەن، دەبینین شاعیر بە یارمەتی خواستنی ئاشکرا، ئەو وێنە جوانەی دروست کردووە، کە سەلمێنەری شێوازی بەرزی زمانی شیعری شاعیرە. لە دێڕێکی تردا شاعیر دەڵێت:

**تا نەگریا ئاسمان و، تەم وڵاتی دانەگرت**
**گوڵ چەمەن ئارا نەبو، هەم لێوی غونچە وا نەبوو**

(مدرس، ١٩٧٦: ٣٧١)

ئاسمان دەست دەکات بە گریان و تەم وڵات دادەگرێت، هەر ئەم گریانەی ئاسمانیش سەرئەنجام دەبێتە هۆی ئەوەی، کە غونچە لێو بکاتەوە و پێبکەنێت و وڵات بڕازێتەوە و پڕ ببێت لە گوڵ و گوڵزار. لێرەدا شاعیر وشەی ئاسمانی خواستووە، چونکە لە ڕاستیدا ئاسمان ناگری، بەڵکو مرۆڤ دەگری، کەواتە (ئاسمان) بۆخواستراوە، (مرۆڤ) لێ خواستراوە و نەهاتووە، (گریان) نیشانەی خواستنەکەیە، بۆیە شاعیر بە یارمەتی خواستنی شاراوە ئەم وێنە جوانەی پێک هێناوە.

**٣ – وێنەی درکەیی**

درکە، ئەوەیە وشەیەک یا کۆمەڵە وشەیەک بێنی، کە واتای دروستی خۆی هەبیت، هەر لەوکاتەدا، لە ڕستەکە مانایەکی تر بدات بەدەستەوە و مەبەست لەم مانایەی لەم دواییە بێت، دیسان ئەشێ واتا دروست و نەژادییەکەت مەبەست بێ، چونکە هیچ نیشانەیەک نییە بەرهەڵستی ئەوە بکات، کە مانا نەژادییەکەت مەبەست بێ(گەردی، ١٩٧٢: ٨٨)، یان زۆر بەکورتی درکە ئەوەیە، کە (شتێک بڵێیت و مەبەستت شتێکی تر بێت)(سلێمان، ٢٠١٤: ١٦٦). نالی شێوازی درکەیی لە خوڵقاندنی وێنە هونەرییەکانیدا بەکار هێناوە و لە دێڕێکدا دەڵێت:

**مل عەلەم، شیرین قەلەم، ئاهو شکەم، مەیمون قەدەم**
**سم خڕ و کلکل ئێستر و ، مەنزل بڕ و ، ئارەق نەڕێژ**

(مدرس، ١٩٧٦: ٢٢٥)

لەم دێڕەدا شاعیر وێنەی کەر (گوێ درێژ)ەکەی دەکێشێت، کە ملی وەکو ئاڵا بەرزە و باڵای وەکو قەڵەم ڕێکە و ناوقەدی وەکو ئاسک باریکە و پێ و قەدەمیش وەکو مەیموون بەخێرە، سمی خڕە و کلکی وەکو کلکی ئێسترە و ڕێگا بڕە و ئارەق نارێژێت، دەر بڕینی وشەی (ئارەق نەڕێژ) لێرەدا سیفەتێک ئەگەیەنێت، کە ئەویش (ماندوونەبوون)ە، واتە شاعیر لە جیاتی ئەوەی بڵێت: کەرەکەم ماندووبوونی بۆ نییە وتوویەتی ئارەق نەڕێژە، ئەمەش بەکارهێنانی درکەیە، لێرەدا شاعیر بە یارمەتی درکە لە سیفەت، وینەیەکی هونەری جوانی دروست کردووە. لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

**نەخلی باڵات نەوبەرە، تازە شکۆفەی کردووە**
**تۆ کە بۆی شیرت لەدەم دێ ، ئەم مەمەت کەی کردووە**

(مدرس، ١٩٧٦: ٥٤٤)

نالی، بە یارەکەی دەڵێت: باڵای وەکو دارخورمای ڕێک و جوانت، تازە وا خەریکە هەڵاڵە دەکات، بەڵام سەرم لەوە سوڕماوە، کە تۆ هێشتا منداڵیت، چۆن وا مەمکت کردووە؟! دەربڕینی (بۆی شیرت لە دەم دێ) درکەیە و مەبەست لەوەیە کە تۆ هێشتا منداڵیت، چۆن مەمکت دەر کردووە، شاعیر بە بەکارهێنانی درکە لە سیفەت وێنەیەکی هونەری زۆر جوانی دروست کردووە.

## دەرئەنجام

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گەشتووین بە چەند دەرئەنجامێک، کە لە شێوەی خاڵدا دەیخەینە ڕوو:

١– شێواز بەگشتیی هەموو تایبەتمەندییەکانی شاعیر دەگرێتەوە، بەتایبەتی لە چۆنییەتی هەڵسوکەوتکردنی لەگەڵ زمانی شیعریدا. لە کۆندا دراوەتە پاڵ ڕەوانبێژی، لە ئەدەبی هاوچەرخدا لەسەر دەستی (شارل بالی) فەرەنسی، وەکو زانست چەسپا. لە ئێستادا لە ڕوانگەی بابەتە زمانییەکانەوە لە بەرهەمی شاعیران دەکۆڵێتەوە.

٢– زانستی شێواز لە ناو کورددا تارادەیەک نوێیە، چونکە یەکەم کەس کە قسەی لەسەری کردووە (شێخ نووری شێخ

سالّح)ە، کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی بیستەکانی سەدەی بیستەم.

٣– لە شیعری (نالی)دا شێوازی پێکهێنانی ئاوازی دەرەوە، کە (کێش ، سەروا) دروستی دەکەن، بە کێشی عەرووزی عەرەبییە، بە زۆریش (هەزەج و دواتر ڕەمەڵ و ئینجا موزاریع... هتد)هۆنراونەتەوە. جۆرەکانی سەروایش، بەگشتی لە دوو جۆر سەروا پێکهاتووە، کە ئەوانیش (سەروای یەکگرتوو، پاش سەروا)ن. لە ئاوازی ناوەوەشدا، زۆرجار تەکنیکی (دووبارەکردنەوەی دەنگە پیت، دووبارەکردنەوەی وشە، دووبارەکردنەوەی دەستەواژە و ڕستە و هونەرە ڕەوانبێژییەکانی جێگۆڕکێ و دژیەک و ڕەگەزدۆزی...هتد)، بەکار هێناوە.

٤– زمانی شیعری نالی شێوازێکی تایبەتی بە شیعرەکانی بەخشیوە، زمان لای ئەم جێی بایەخە و ئەوەندەی ئامانجە ئامراز نییە. زمانێکی ئەدەبیی بالآی وەها، کە هەم واتا لە قووڵاییدا هەڵگیراوە، هەمیش لەیەککاتدا زیاد لە یەک واتای هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا سەرقافڵەی گۆڕینی زمانی شیعری بوو لە شێوازاری گۆرانەوە بۆ شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست، هەر بۆیە شاعیرانی دوای خۆی کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەمەوە.

٥– شارەزایی و هۆشیاریی (نالی) لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی و بەتایبەتی ڕوونبێژیدا، هۆکاری خوڵقاندنی وێنەی هونەری داهێنراون. لە ڕووی ڕێژەشەوە بە پلەی یەکەم سوودی لە (چواندن) و دواتر (خواستن) و ئینجا (درکە) وەرگرتووە و وێنەی هونەری نوێی پێ خوڵقاندووە.

## سەرچاوەکان


1. ئەحمەد، پەخشان عەلی (٢٠٠٩)، شێوازی شیعری گۆران، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
2. ئەحمەد، صافیە محەمەد (٢٠١٤)، شێوازی شیعرە کوردییەکانی پیرباڵ مەحمود، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
3. ئەحمەد، کەژاڵ حەمە ئەمین (٢٠١٠)، بنیاتی هونەری لە شیعرەکانی (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
4. ئەرەستۆ (٢٠٠٤)، هونەری شیعر، و: عەزیز گەردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
5. ئەسوەد، د.نەوزاد ئەحمەد (٢٠١٥)، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی غەزەلنووس، تاران.
6. ابراهیم، محمد عەبدالکریم (٢٠١٢)، پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی نوێوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.
7. بیمار، عەبدالرزاق (١٩٩٢)، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دار الحریة، بغداد.
8. حسێن، د. هیمداد (٢٠٠٩)، دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی نوێی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی باز، هەولێر.
9. حەسەن گەردی، د.سەردار ئەحمەد (٢٠٠٤)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠-١٩٩١)، سلێمانی.
10. حەمە کەریم، حەمە سەعید (١٩٨٦)، دیداری شیعری کلاسیکی کوردی، مامۆستا کەمال: سەرەتایەک بۆ لێکۆڵینەوەی شیعری کلاسیکی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغداد.
11. حەمەخان، نوری فارس (٢٠٠٤)، عەرووزی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
12. حەوێزی، دەریا جەمال (٢٠٠٩)، وێنەی ڕوونبێژی لە کۆمەڵە شیعری (شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات)ی قوبادی جەلیل زادە، سلێمانی.
13. خاڵ، شێخ محمد (٢٠١٧)، فەرهەنگی خاڵ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
14. خەزنەدار، د.مارف (١٩٦٢)، کێش و قافییە لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی وەفا، بەغداد.
15. خەزنەدار، د.مارف (٢٠١٠)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
16. خەلیل، د. ابراهیم محمود (٢٠١٧)، ڕەخنەی ئەدەبی نوێ لە لاسایکردنەوەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەگەرایی، و: د.محمد تاتانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
17. سابیر، د.پەرێز (١٠٠٦)، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نویکردنەوەی شیعر، چاپی یەکەم، چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
18. سلێمان، هەژار فەقێ (٢٠١٤)، ڕوونبێژی لە شیعری مەحویدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
19. سەجادی، عەلائەددین (٢٠١٨)، نرخ شناسی،چاپی یەکەم، بڵوکردنەوەی کوردستان، سنە.
20. سەعید، ناز ئەحمەد (٢٠١٣)، لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینای، سلێمانی.
21. عەبدوڵلا، د. ئیدریس (٢٠١٠)، شێواز و شێوازگەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
22. قادر، د.خانزاد عەلی (٢٠١٢)، زمانی شیعری (حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
23. کاکی، د. حەمە نوری عومەر (٢٠٠٨)، شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.
24. کاکی، د. حەمە نوری عومەر (٢٠١٢)، شێوازی شیعری نوێی کوردی کرمانجی ناوڕاست (١٩٢٠-١٩٧٠) چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.
25. گیوی موکریانی (٢٠١٧)، فەرهەنگی کوردستان، کوردی_کوردی، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
26. گەردی، د.عەزیز (١٩٩٩)، سەروا، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
27. گەردی، د.عەزیز (٢٠٠٣)، ڕابەری کێشی- شیعری کلاسیکی کوردی، چاپخانەی دێکان، سلێمانی.
28. گەردی، د.عەزیز (٢٠١٤)، کێشناسی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، ڕانیە.
29. گەردی، عەزیز (١٩٧٢)، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەغداد.
30. مەلازادە، د. ڕێبوار محمد (٢٠١٩)، شێوازناسی لە ئەدەبدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی میر، هەولێر.
31. محمد، د.عەبدالقادر حەمەامین (٢٠٠٨)، بنیاتی کارنامەی لە دەقی نوێی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
32. مدرس، مەلاعەبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم (١٩٧٦)، دیوانی نالی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.

33. گەردی، د. موحسین ئەحمەد مستەفا (٢٠١٣)، بەهاری ڕەوانبێژی (واتاناسی، ڕوونبێژی، جوانکاری)، چاپی یەکەم، چابخانەی نارین، هەولێر.

34. مستەفا، ئاسۆ عومەر (٢٠٠٩)، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

35. موکریانی، هەژار (١٣٨٤)، هەنبانەبۆرینە، فرهنگ کوردی-فارسی، چاپی چوارەم، سروش( انتشارات صدا و سیما)، تهران.

36. میرزا تۆفیق، د.ئاڤان عەلی (٢٠١٢)، چنینی دەق لە شیعرەکانی نالیدا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

37. مەردۆخی کوردستانی، محمد (١٣٤٩)، فەرهەنگی مەردۆخ، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، خانەی بڵاوکردنەوەی پڕتەوبەیان، سنە.

38. هاڵبێرگ، پیتەر و ئەوانی تر (٢٠١٠)، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، ئامادە و وەرگێڕان: ئەنوەر قادر محەمەد، چاپی دووەم، چاپخانەی کتێبخانەی یادگار، سلێمانی.

39. احمد، مەریوان حمەکریم (٢٠٢٢)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری (سالم)دا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

40. عەبدوڕەحمان، عەبولسەلام سالار (٢٠٠٦)، وێنەی هونەری لە شیعری (شێخ نوری شێخ ساڵح)دا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

41. عەلی، زانیار ساڵح (٢٠١٥)، بنیاتی ئاوازەیی لە شیعری نوێی کوردیدا (١٩١٨-١٩٥٨)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

42. کەریم، فەرهاد قادر (٢٠٠٩)، بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

43. بییرجیرو (١٩٧٢)، الاسلوبیة، ترجمة: د.منذر عیاشي، مرکز الانماع الحضاري، سوریة.

44. الشایب، احمد (١٩٩٤)، أصول النقد الادبی، ط ١٠، قاهرة، مکتبة النهضة المصریة.

45. العسکری، أبی هلال الحسین (١٩٥٢)، کتاب الصناعتین (الکتابة والشعر)، تحقیق: علی محمد البجاوی، محمد ابوالفضل ابراهیم، ط ١، دار اخیاء الکتب العربیة.

46. هلال، د.محمد غنیمی (١٩٩٧)، النقد الادبی الحدیث، دار نهضة مصر للطباعة و النشر و التوزیع، القاهره.

47. Французская стилистика, Шарль (2001), Балли, Издание Перевод с французского: К.А.ДОЛИНИНА, Москва. УРСС, стереотипное, второе,

48. Шарль (1955), ОБЩАЯ ЛИНГВИСТИКА И ،Балли ВОПРОСЫ ФРАНЦУЗСКОГО ЯЗЫКА, Перевод с французского: Е. В. и Т. В. В Е Н Т Ц Е Л Ь, ИЗДАТЁЛЬСТВО ИНОСТРАННОЙ ЛИТЕРАТУРЫ, Москва.

49. СТИЛЬ: ТЕРМИН И О.Е (2006), Захарчук, Научный журнал ПОНЯТИЙНОЕ ПРОСТРАНСТВО, декабрь 2006. №24(8), (КубГАУ),

50. Поплавская, И. А.(2010),ТИПЫ ВЗАИМОДЕЙСТВИЯ ПОЭЗИИ И ПРОЗЫ В РУССКОЙ ЛИТЕРАТУРЕ ПЕРВОЙ ТРЕТИ XIX «ТОМСКИЙ ГОСУДАРСТВЕННЫЙ УНИВЕРСИТЕТ», ТОМСК.

51. Теоретическая Александр (1990), Потебня, Высшая школа. Москва, поэтика,

52. Соколов, Александр (1964), Художественный образ в лирике Лермонтова, (Творчество М. Ю. Лермонтова: 150 лет со дня рождения, 1814—1964), Наука, Москва.